# نامەیەکی کراوە
# بۆ بەرێز مام جەلال سەرۆك کۆماری فیدراڵی عێراق

بسم الله الرحمن الرحيم

( من رأى منكم منكراً فليغيره بيده ، فإن لم يستطع فبلسانه ، فإن لم يستطع فبقلبه وذلك أضعف الإيمان )

أصحاب السنن الأربعة و إمام أحمد في مسنده .

**بۆ بەرێز / مام جەلال سەرۆك کۆماری فیدراڵی عێراق**

**السلام عليكم**

بەندە ( عبدالجبار سولێمانەیی) موسوڵمانێکی کوردی خەمخۆری دین و وڵات و نیشتمان ، بەپێویستمان زانی لەم هێرش و سووکایەتی کردنە بە ئیسلام و موسوڵمانان بەرێزتان ئاگادار بکەم ، چونکە کە ئێوە ئەمڕۆ سەرۆك کۆماری عێراقن, لە خێرو شەڕی ئەم گەل ونەتەوە لای خوای باڵادەست وکارزان بەرپرسن, وەك پێغەمبەرمان ( موحەممەد ﷺ) دەفەرموێ: ( كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته: الإمام راع ومسؤول عن رعيته, و الرجل راع في أهله وهو مسؤول عن رعيته, والمرأة راعية في بيت زوجها و مسؤولة عن رعيته, والخادم راع في مال سيده ومسؤول عن رعيته..) بوخاري/ 893 . ( ئیبن حەجەر) لە (فتح الباري) دا دەڵێت: ( أي إن على من كان أميرا إقامة الأحكام الشرعية..) واتە: ئەوی دەبێتە سەرۆك وسەرکردەو کارو باری وڵات دەگرێتە دەست, لە سەریەتی ئەحکامە شەرعییەکان جێبەجێ بکات ( هەم خۆیی و هەم کۆمەڵگە) دیارە ئەویش لەم فەرموودەوە وەریگرتووە کە بە راشکاوی فەرمووی هەمووتان شوان وچاودێرن, وە هەر یەکەشتان لەخێرو شەڕیی ، لە برسێتیی و تینوویەتی و لە سەرماو گەرمای ژێر دەستەکەی بەرپرسە: گەورەو سەرۆك لە رەعیەتەکەی ، گەورەی هەر خێزانێك لە خێزانەکەی خۆی ، ژنان لە ماڵ وحاڵی مێردەکانیان ، خزمەتکارو گزیر لەوکارەی پێی سپێراوە....، جا لەم سونگەیەوە کە ئەمڕۆ ئێوە سەرۆك کۆمارن ، پێویستە ئاگاداری تەواوی کاروباری کۆمەڵگە بن: دین و ئایدیۆلۆژیاو، ئابووریی و سیاسەت و رامیاریی...هتد .

( دکتۆر وەهبە الزحيلي) لە کتێبی( الأحكام السلطانية)ی ـ ماوەردیی (مردن/450 ك) لاپەڕە/ 14 . وە( الأحكام السلطانية)ی ئەبوو یەعلی (مردن/458 ك) لاپەڕە/11دا وەریگرتووەو- دڵێ: ( وظائف الإمام أو واجباته واختصاصاته): يمكن تصنيفها إلى وظائف دينية ووظائف سياسية . الوظائف الدينية أربعة: أولاَ – حفظ الدين أي المحافظة على أحكامه وحماية حدوده وعقاب مخالفيه. قال الماوردي: : حفظ الدين على أصوله المستقرة , وما أجمع عليه سلف الأمة . فإن نجم مبتدع , أو زاغ ذوشبهة عنه , أوضح له الحجة, و بين له الصواب , و أخذ بما يلزمه من الحقوق و الحدود , ليكون الدين محروسا من خلل , و الأمة ممنوعة من زلل).

ثانيا– جهاد الأعداء : أي قتال من عاند الإسلام بعد الدعوة حتى يسلم , أو يدخل فيالذمة, ليقام بحق الله تعالى في إظهاره على الدين كله)

ثالثا – جباية الفئ و الصدقات . و المقصود بالفئ و الغنائم: الأموال التي تصل إلى المسلمين من المشركين أو كانوا سبب وصولها . و أما الصدقات :فهي الأموال الواجبة على المسلمين نصا كالزكاة ، و اجتهادا كالأموال المفروضة على الأغنياء إذا خلا بيت المال ، و احتاجت الدولة لتجهيز الجيش و نحوه من المصالح العامة .

رابعا – القيام على شعائر الدين من أذان و إقامة صلاة الجمعة و الجماعة و الأعياد ، و صيام ، و حج ، فبالنسبة للصلاة يعين الخليفة الإمام و المؤذن ، و يصون المساجد و يرعاها ، و يؤم الناس في الصلاة الجامعة إذا حضر ، و يشرف على توقيت الصيام بدءاً و نهايةً ، و يعاقب من يعلن الإفطار دون عذر مقبول ، و ييسر أداء فريضة الحج بتعيين ولاة للسهر على أداء هذا

الواجب ، و الولاية على الحجيج و إقامتهم . واتە: ئەرکەکانی ئیمام (سەرۆك كۆمار) دەكرێ بکرێن بە دوو بەشەوە: دینیی, سیاسیی.

ئەرکە دینییەکانی چوارن: یەکەم– پاراستنی ئەحکامەکانیەتیی و بەرەوانییە لەسنوورەکانیی و تۆڵەی نکوولێکارانیەتی. (ماوەردیی) دەڵێت: مەبەست لە پاراستنی دین, ئەو بناغەو بنچینە نەگۆڕەیەو, ئەو بنەمایانەیە پێشینانی ئەم ئوممەتە دەنگیان بۆداوە . ئینجا ئەگەر لادەرێك دەرکەوت, یان بەگومانێك پەیدابوو, دەبێ بەڵگەی بۆ بێنێتەوەو, ڕێ ڕاستەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە, وەچ ماف و تۆڵەیەکی دەکەوێتە سەر بۆی ئەنجام بدات, هەتا ئایین لە ناتەواوی بپارێزرێی و, گەلیش لە هەڵدێرو خلیسکاندن ڕێی لێ بگیردرێ.

دووەم– جیهاد کردنی خەڵکانی دژو ناحەزانی ئیسلامە, واتە: ئەوانەی حاشا لە ئیسلام دەکەن و بە دینی قەبووڵ ناکەن, بانگیان بکات بۆ ڕێبازی هەق وراستیی, هەتا تەسلیم بەهەق دەبن وشکۆمەندی ئیسلام ڕاگیردرێ.

سێیەم– کۆکردنەوەی ئەو ماڵ وسامان و دەسکەوتانەیە کەلە هەر ڕێگایەکی شەرعییەوە دەگاتە موسڵمانان, یان ئەوماڵ و خێر وصەدەقانەیە لەسەر موسڵمانن, جافەرزبن وەکو زەکات, یان بەپێی ئیجتیهادو کاتی پێویست بدرێ بەسەر دۆڵەمەندە موسڵکانەکاندا– کاتێ بەیتولماڵ خاڵی بێ– و دەوڵەتیش پێویستی بەرێکخستنی سوپا بێت, یان لەبەر هەر بەرژەوەندیەکی تر بێت.

چوارەم– دەبێ هەڵسێ بە ئەنجامدانی دروشمە ئایینیەکان، وەکو بانگ و قامەت ونوێژی هەینیی و نوێژ بەکۆمەڵ و نوێژی جەژنەکان وڕۆژووی مانگی ڕەمەزان وفەریزەی حەجی ماڵی خوا, واتە: پێشنوێژ دیاری بکات بۆ مزگەوتەکان لەگەڵ بانگوێژدا, وخزمەتی مزگەوتەکان بکاو قودسییەتیان ڕابگیردرێ و بۆخۆیشی نوێژی هەینیی ونوێژیان بە کۆمەڵ بۆبکات, ئیشراف وچاودێری سەرەتاو کۆتایی مانگی ڕەمەزان بکاو, تۆڵەی ئەوانە بدات بێ عوزرو بیانووی شەرعیی ڕۆژوو ناگرن, وەلەکاتی نزیکبوونەوەی حەجیشدا هەموو ئاسانکارییەك بکات: هەر لەدانانی ڕابەری حەجەوە هەتا پاسپۆرت وهۆی بردن وهێنانەو نیشتەجێکردنیان وڕێ وشوێنی حەوانەوەیان..هتد.

الوظائف السياسية : بما أن الخليفة كان يجمع أحيانا بين السلطتين التنفيذية و القضائية ، و قد أورد الماوردي ستة منها ، و هي : أولاً – المحافظة على الأمن و النظام العام في الدولة . و قد عبر الماوردي عن ذلك بقوله : حماية البيضة ( الوطن ) و الذب عن الحريم ( الحرمات ) ليتصرف الناس في المعايش ، و ينتشروا في الأسفار آمنين عن تغرير بنفس أو مال ، و هذا ما يقوم به الشرطة الآن . ثانياً – الدفاع عن الدولة في مواجهة الأعداء : و عبر عنه الماوردي بقوله : تحصين الثغور بالعدة المانعة والقوة الدافعة ، حتى لا تظهر الأعداء بغرة ينتهكون فيها محرماً ، أو يسفكون فيها لمسلم أو معاهد دماً .

ثالثاً – الإشراف على الأمور العامة بنفسه . قال الماوردي : أن يباشر بنفسه مشارفة الأمور و تصفح الأحوال ، لينهض بسياسة الأمة وحراسة الملة ، و لا يعول على التفويض تشاغلاً بلذة أو عبادة ، فقد يخون الأمين و يغش الناصح .

رابعاً – إقامة العدل بين الناس على النحو التالي :

أ – تنفيذ الأحكام بين المتشاجرين و قطع الخصام بين المتنازعين حتى تعم التصفية ، فلا يتعدى ظالم و لا يضعف مظلوم .

ب– إقامة الحدود لتصان محارم الله عن الإنتهاك ، و تحفظ حقوق عباده من إتلاف و استهلاك .

خامساً – إدراة المال: بتقدير العطايا و ما يستحق في بيت المال من غير سرف و لا تقتير ، و دفعه في وقت لا تقديم فيه و لا تأخير . سادساً – تعيين الموظفين : و عبر الماوردي عن الواجب بقوله : إستكفاء الأمناء ، و تقليد النصحاء فيما يفوضه إليهم من الأعمال ، و يكله إليهم من الأموال ، لتكون الأعمال بالأكفاء مضبوطة ، و الأموال بالأمناء محفوظة ).کتێبی: الفقه الإسلامي وأدلته) بەرگی/6.وەسەیری( المحلى بالآثار لابن حزم) لاپەڕە/67.چاپی ساڵی 1988ز بکە.

ئەرکە سیاسییەکانیشی ئەمانە هەندێکیانن:

یەکەم– ئەمن وئاسایش ونیزامی دەوڵەت بپارێزێ بۆ ئەوە مەردم بە ئازادانە بزوون بە دوای ژیان و بژێویداو, سەروماڵیان پارێزراو بێت.

دووەم– دەوڵەت لە هەموو پەلامارێکی ناحەزان حیمایەت بکات.

سێیەم– ئیشراف وچاودێری گشت ئیش وکارەکان بکات, واتە: بۆ خۆی بچێتە ناو ئیش وکارەکانەوە هەتا بتوانێ سیاسەتی گەل راپەرێنێ و میللەتیش پارێزراو بێت.

چوارەم– دادگەری لە ناوهەموو خەڵکدا پیادە بکات:

أ – کێشەی کێشەداران بېرێتەوەو مافی هەموو کەسێك بگاتە دەست خاوەن ماف, دەست دار ستەم لە بێدەست نەکات, بێ دەستیش ناهەقیی بەرامبەر نەکرێ.

ب– سنوور(حدوودە)کانی خوا پیادە بکات, بۆ ئەوە (مەحارم)ەکانی خوای میهرەبان بێ حورمەت نەبن, وە چاودێری لە ماڵ وسامانی مەردم بکات لە تیاچوون وفەوتان.

پێنجەم – بەرێوەبردنی دارایی: واتە: ماف و مووچەی هەموو کەسێك بە شێوەیەکی عەدالەت وشەرعیی – بێ زیادە رۆیی وکەم وکورتیی– دیاریی بکاو, لە کاتی خۆیداو بێ پاش و پێش و دواخستن. شەشەم – دیاریکردنی کارمەندەکان: واتە: کەسی شیاوو دەستپاك و دڵسۆز ولێهاتوو بۆدام ودەزگاکان دابنێت, تا هەمووکاروبارەکان بە پیاوی لێوەشاوە کونترۆڵ بکرێن و ,ماڵ ودارایی دەوڵەتیش بە پیاوی ئەمین بپارێزرێت.

بەڕێز! لە رۆژانی:20–2005/9/24ز لە هۆڵی بەرێوەبەرێتی رۆشنبیریی, بە چاودێری وەزیری رۆشنبیریی, دووەمین فیستیڤاڵی رۆشنبیریی( شیعر,چیرۆك, لێکۆڵینەوە) گرێدرا, لەو فیستیڤاڵەدا بابەتێك بە ناوونیشانی:( سێکس ولاشیپان) خوێنرایەوە, پاشانیش هەمان وەزارەت بێ هیچ سانسۆرێك بڵاوی کردەوەو خەڵاتی نووسەرەکەیشی کرد!جابۆ ئاگادار بوونتان لێی چەند سەردێرو بابەتێکی لێدەخەمەروو, بۆدواییش دین وویژدانتان حەکەم بێت, بۆ هەر بریارێك لە سەری دەدەن, ئەگەرچی ئەو نووسینە هەموو پیتێکی , هەموو وشەیەکی, هەمووديرێکی کوفرو سووکایەتیکردنە بە هەموو موسڵمانانی جیهان, ئینجا بە موسڵمانانی هەردوو هەرێمەکەی کوردستان , توانی لە ژێر دەسەڵات وسوڵتەی ئێوەدا فورسەت بهێنێ, خۆ من بێگومانم کە هەر گیز ئێوە ئەوە قەبووڵ ناکەن وپێیشی رازی نین, چونکە ئێوە بەدەر لەوە کە پیاوێکی دنیادیدەو یاساناسن, بۆ خۆیشت سەرۆك کۆماری ولاتێکی ئیسلامیت و هێمان ئەم ولاتە لەجیهانی ئیسلام دانەبڕاوە, خۆ هیچ ولاتێکی تر(بە مووسایی وعیساییشەوە) تائیستا لە ژێر پەردەی دیموکراسییەتیشدا ئابەو شێوەیە سووکایەتی بەدین ومەزەب وئایین و موساو عیسای پێغەمبەر– سەلامیان لەسەر بێت– نەکردووە, تەنانەتی ئەمریکاو ئینگلیزیش کە ئەمرۆ وەك خۆیان دەڵێن گەیشتوونەتە چڵەپۆپەی ئازادیی ودیموکراسیی و ولاتەکەی ئێمەشیان داگیرکردووە, ساڵانە هەزاران هەزار نوسخە ( ئینجیل) بە هەموو زمانێك وەردەگێرن و بە دنیادا بڵاوی دەکەنەوە, واتە: هیچ کەسێك بۆی نییە سووکایەتی بە ئایینەکەیان بکات.

فەرموون ئێوەو چەند بابەتێکی ئەو نووسینە :

1– لە لاپەرە/213دا دەڵێ: ئەم پەرستگایەش– مەبەستی نووسەر پەرستگاکەی(( گاجورا))ی هیندیەکانە– مزگەوتی موسڵمانمان بیردەخاتەوە کەلەجیاتی عەورەت و جووتێ گونی راستەقینە, منارەیەکیان بەرزکردۆتەوەو لەملاولەولایەوە دوو قوببەشیان بۆ داچەقاندووەو بەوێنەی عەورەتێك و جووتێك گون لە ناوەراستی مزگەوتەکانەوە بەرز بوونەتەوەو دەنگ و بانگی (الله أکبر) یان لێوە دەبیستین. ئاخۆ لە سەرەتای سەر هەڵدانی ئیسلامەوە تا ئەمرۆ هیچ کەسێك بە کۆمەڵەو کۆمۆنیست وهەموو مولحیدو خوا نەناسانەوە جورئەتی ئاوای کردبێ بەرامبەر بە ( مقدسات)ی ئیسلام و موسڵمانان, بەتایبەتی ئەمرۆ کە باوی قسە گوتنی ئابەو شێوەیە بە سەرچووە لە جیهانی خۆرهەڵات و خۆرئاواو ئەوروپاشدا !!؟

2– لاپەرە/219 دەڵێت: ( حەزرەتی ئیبراهیم بۆ دەسکەوتی ئابووریی, دووجار ژنەکەی بە ناوی خوشکی خۆیەوە ناردووە بۆلای دەسەڵاتدارەکان و هەردوو جارەکەش لەشفرۆشی پێوە کردووە) و.و.و. ماویەتی.

3 – دیسان لاپەرە/219 دەڵێ: ( لووتی پێغەمبەریش دووشەو لە گەڵ دووکچە پاکیزەکەی خۆیدا جووت بووەو دوو منداڵیشی لێیان بووە..) و.و.و. ماویەتی.بچۆ بۆ لاپەرە/220–221.

4 – هەر لاپەرە/219دەڵێ: ( داوودیش شەرواڵپیس بووەو زینای کردووە!و.و.و. ماویەتی. هەر هەمان لاپەرە دەڵێ: سولەیمان پێغەمبەر.. شاعیر بووەو بە شیعر باس لە مەمك ورانی خڕو ناوك و سەرینی کچەکانی( ئورشەلیم)دەکاو لە

غەزەلێکدا باس لەوە دەکات کە چۆن لە دەرگای داوەو دەستی خۆشەویستەکەی لە پشت دەرگاکەوە بینیوەو دەروونی جۆشاوە..).

5 – لاپەڕە/226 دەڵێت: ( سێکسبازی لە سەرەتاکانی ئایینی ئیسلامدا..) بۆ ئەمەش قۆناغی مەککە و( ئادەم) و (حەوا) دێنێتەوە..

6 – لە لاپەڕە / 229 دا ( یوسف پێغەمبەر بە پیاوێکی داوێن پیس دادەنێت و دەڵێت: (بەم پێیە بێت، یوسف ئەو پەیامبەرە داوێنپاکە نەبووە کە بەشێوەی کلاسیکی بیستوومانە ... هتد ) بۆئەو بۆچوونەش تەفسیری ئایەتەکەی بە هەڵە کردووە!

7 – لاپەڕە / 230 بەسەرهاتەکەی (ئیبراهیم) و (سارە) و ( هاجەرە)ی خێزانی شێواندووەو بە ئارەزووی خۆی (تەحریف)ی کردووەو سەرو ژێری کردووە !

8 – لاپەڕە / 231 مەسەلەکەی (لووط ) دەشێوێنێ و خێزانەکەیشی بە شەرواڵ پیسی دادەنێت !

9 – لاپەڕە / 232 لەو لاپەڕەدا گاڵتە و گەپێکی زۆر دەکا بە ئەقڵیەتی پێغەمبەرمان (محمد ﷺ ) کە بە میتافیزیکیانە بیر دەکاتەوە و باسی حۆریی و پەری بەهەشت دەکات..!

10 – لاپەڕە / 234 دەڵێت : سێکسبازی لە دوای دەرکەوتنی ئیسلام ... هتد .

11 – لاپەڕە / 247 دەڵێت : ( دەرکەوت حیکمەتی ئایەتەکە جیاکردنەوەی ئازادەکانە لە کەنیزەك ..!

ئیتر نازانین بیرمەندان و زانایانی ئیسلام لە کوێوە پاساوی ئەوپەڕی پاکی و ئیمانداریێتی بە ژنی حیجاب پۆشی دەبەخشن ..!!

12 – لاپەڕە / 248 دەڵێت : ( ڕەفتار و پاڵنەرو سێکسیەکان لە شەریعەتی ئیسلامدا ) ، پاشان دەڵێت : ( .. بۆیە ئەم ڕیوایەت و ئایەتانە ئەو گومانەمان لا دروست دەکەن کە ژنانی پەیامبەریش وەك هەر ژنێکی ئاسایی دیکە خرۆشی سێکسی جوڵاندبێ و لە دەرەوە سێکسبازیان کردبێ و ئەم مەسەلەیەش گەشتبێتەوە بە پەیامبەر و ئەو ئایەتانەی لەسەر نووسرابێ ..!!

13 – لاپەڕە / 252 (سێکسی موحەممەد). دوایی دەڵێ: یەکێك لە کارە نامۆو سەر سوڕهێنەرەکانی ئیسلام و قورئان و فەرموودەو مێژووی ئیسلام, قسە کردنە لەسەر پێغەمبەرەکە وەك هێمایەکی مەعصووم مومارەسەی چەندین حاڵەتی سێکس و زۆرە ژنی کردووە) و.و. ماویەتی.

14– لاپەڕە/258 دەڵێت: عائیشەو لۆژێکی سێکس..پاش چەند شتێك دەڵێ: ئەگەر ئەم قسەیەی مێژو نووسی بەناو بانگی ئیسلام وەربگێڕینە سەر زمان وسێکسی سەردەم دەبێ بنووسین: ( .........................). لە بەر زۆر دوور لە شێوەی ئەدەب و ئەخلاقی نووسین, ئەوەی ئەو نووسیویەتی ڕێم بە خۆم نەدا وەك ئەو بینووسم, بۆیە بە خاڵ پڕم کردەوە!.

15 – لاپەڕە/261 دەڵێت: دیاردەکانی سێکس لە ئیسلام و جیهانی ئیسلامدا ... ئینجا دەڵێ: دەرگای یەکەم: سێکس وشەرع وژن لەئیسلامدا ... بۆ دوایی درۆیەکی هەڵبەستووە بۆ(سلیمان عبدالملك)ی خەلیفە...! پاشان بۆ (هاروونە ڕەشید) ئەمەیش لە کتێبەکەی (د.علی وەردی)یەوە هێناویەتی, کە ئەو جۆرە کتێبانە پشتیان پێنەبەسراوە لە مێژووی موسڵماناندا.

16 – هەر لەو کتێبەدا درێژەی دەداتێ (لاپەڕە/263) دەڵێ..ئەوەی کە دەیڵێت !!

17 – لاپەڕە/268 دەڵێت: سەحابەکان بۆ غەزا وفتووحات روویان لە هەر شوێنێك بکردایە, کچان وژنانی ئەو ناوچەیە دەکەوتنە بەر هێرشی بێرەحمانەی پاڵنەرە سێکسیەکانیان و بەر دەست سەحابەکان بکەوتایە ئیغتیصاب دەکرا.

18 – لاپەڕە/269. لە کاتی جیهادی موجاهیدەکاندا, موسڵمانە ئیمانداره بە جێماوەکانی مەدینە, کە زۆربەیان صەحابە بوون وبۆ جیهاد نەچوو بوون ولە ماڵەوە مابوونەوە, هەڵیان دەکوتایە سەر ژنی ئەو ئیماندارانەی بۆ جیهاد چوو بوون ولە گەڵیان ڕایاندەبوارد...هتد.

19 – لاپەڕە/271...ئایەتی: (فإن طلقها فلا تحل له من بعد حتى تنكح زوجا غيره...) شێواندووە وکەوتۆتە بەر سووکایەتی.

20 – لاپەڕە/272 دەڵێت: ئارەزووی سێکس لە لای (العشرة المبشرة)...

21 – لاپەڕە/275 دەڵێت: ئەم خەلیفە ئیماندارە(واتە: عومەر) دادەنوێتەوەو ماکسییەکەی (أم کلثوم) هەڵدەداتەوەو سەیری قاچ وپووزی دەکات...هتد.

22 – لاپەڕە /279 باس لە (خالید) وهاوسەرەکەی مالك (لیلی بنت المنهال..) دەکات...

23 – لاپەڕە /308 دەڵێت: بە بێگومان ئەم کەلتوورە نائینسانیانە بەردەوام دەبن . هەرکاتێك تاك یاخود کۆمەڵگا توانی بەبێ وەرگێڕ راڤەی راستەقینەی دەق و فەرموودە بکات لە هەموو کۆمەڵگایەکی دی زووتر لەم کلتوورە سواوە تەقلیدییە رزگاری دەبێ .

ئەمەو دەیان کتێب و نامیلکەو گۆڤارو شتی تر بڵاو دەکرێنەوەو ناوەرۆکەکەیان پڕە لەهێرش کردنە سەر ئیسلام و موسوڵمانان و سووکایەتی کردن بە مقدساتی ئیسلام !! بۆ نمونە : ( دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەویی و ئاسماندا ) و ( شەرع و سێکس و ژن لەئیسلامدا ) و ( خوێننامە ) .

تێبینیی / لای هەموو خوێندەوارێکی وریاو هۆشدار روون بۆتەوە کە بەدرێژایی مێژووی (1426) ساڵەی ئیسلام ،چەندین قسەو گوتار خزێنراوەتە ناو کتێبە ئیسلامییەکانەوە: ( تەفسیرەکان و فەرمودەکان و، مێژوو و کتێبە فیقهییەکان و ..) بۆیە هەرچی نووسرابێ لەتەفسیرەکاندا ، وەیان کرابێ بە – فەرموودە – وەیان بە مێژووی ئیسلام دانرابێ ، بۆ نموونە: ( تأریخ الخلفاء ) و ( الکامل فی التأریخ ) و چەندین کتێب و نووسینی تر ، دەبێ بە (کتاب) و (سنة)دا بکێشرێن ، ئەوی راست دەرچوو ،ماڵی ئیسلامە و هەرچیش نەگونجا – بانووسەرەکەیشی بەماڵی ئیسلام دا بنرێت – بەماڵی ئیسلام وەرناگیردرێ ، بۆنمونە: تەئریخی تەبەری ئیستا لێکۆلینەوەی لەسەرکراوە لەلایەن بەرێزان (دکتور صبحی حسن حلاق و دکتور محمد) لە (50 ٪ )ی بەناراست دەرچووە .

هیوادارم چیتر بێ حورمەتی بە ئیسلام و موسڵمانان نەکرێ و رێز لە جیهانیئیسلام وئەو هەموو شێخ وموریدو مەلاو تەکیەو خانە قایە بگیردرێ، بە تایبەتی 10 – 12 هەزار مەلای مێژەر بە سەری یەکێتی زانایانی کوردستان . وە حکومەتی هەریمی هەردوولاش بەخۆیانا بچنەوەو ئەوەش کۆتاهەڵەو ئیشتیبایان بێت لەو بابەتە سەبارەت بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام. وەجەنابی سەرۆك کۆماریش زوو بەزوو چارەسەری ئەو تەنگەژەیە بکات.

والسلام علیکم

دڵسۆزتان / عبدالجبار سلێمانەیی

1426/12/18 ك

2006/1/18 ز